راگەیەندراوی ژمارە ٢

# هەنگاوێك بەرەو پێش لە پێناوی وەدەست هێنانی مافی ئینسانی پەناخوازانی سیاسی کوردی ئێراندا !

هاونیشتیمانە بەڕێزەکان !
بیر و رای گشتی پێشکەوتنخواز و لایەنگرانی مافی مرۆڤ !

لە درێژەی فشاری بەردەوامی ئەو کەس و لایەنانەی بەهانای پەناخوازانی سیاسی کوردی ئێرانی‌یەوە هاتوون، لە دوایین سەعاتەکانی شەوی هەینی ٧ی نوامبری ٢٠٠٣ پولیسی تورکیە لە شاری "وان" ناچار بوو ئەو دەیان پەناخوازە سیاسی‌یە کوردە ئازاد بکا، کە رۆژی ١ی نوامبر لە ئاکامی سەرکوتی کۆبوونەوەی ئیعترازی و هێمنانەی سەدان کەس لەوان لەبەر دەرگای نوسینگەیUNHCR ی لقی "وان" دەستگیر و زیندانی کرا بوون.

ئەو دەیان پەناخوازە دەستگیر کراوە، جیا لە هەل و مەرجی سەخت و دژواری زیندان، بە وتەی بەرپرسانی پولیسی تورکیە لە "وان" لەگەڵ مەترسی جیددی تەحویل درانەوە بە ریژیمی ئێران بەرەوروو بوون. بەڵام هەوڵ و تێکۆشانی کارساز و بە جێی ئەو کەس و لایەن و رێکخراوانەی لایەنگری مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی ناردنی فاکس و ئیمێلی نارەزایی و گرێ دانی پەیوەندی تەلەفۆنی بەردەوام لەگەڵ نوسینگەکانی UN لە وڵاتانی جۆراوجۆر و بەتایبەتی لە ئانکارا و هەروەها کومیسارییای بەرزی پەنابەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ و جیا لەوە بڵاوکردنەوە و دەنگ پێدانەوەی بەربەرینی هەواڵ و راپۆرتی جۆربەجۆر سەبارەت بەو هەل و مەرجە قەیرانی و ئاستەنگەی کە پەناخوازانی سیاسی کوردی ئێرانی لەگەڵی بەرەوروون، لە ڕووودانی کارەساتێك کە زۆری نەمابوو وەدی بێ بەرگری کرا.

بە بۆنەی هاتنە دی یەکێك لە داخوازە سەرەکی‌یەکانی سەدان پەناخوازی سیاسی کورد لە "وان" کە بێ یاریدەدان و زەحمەتی لێبراوی هەواڵنێران و رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ و لایەنگری مافی پەنابەران و هەروەها هەول و تەقەللای حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یە چەپ، دێموکرات، پێشکەوتنخواز و نیشتیمانپەروەرەکان و راگەیەنە گشتی‌یەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ هەرگیز مسوگەر نەدەبوو، ئەوپەری سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بە هەموویان دەکەین. دڵنیاشین کە درێژەی ئەم هەوڵانە و بەردەوامیی فشار هێنان بۆ سەر نوسینگەکانی UN و بە تایبەتی کومیسارییای بەرزی پەنابەرانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ کاریگەریی بەرچاو و کارسازی دەبێ و دەتوانێ باقی داخوازە رەواکانی سەدان پەناخوازی سیاسی لەبیر کراوی کورد کە زیاتر لە دوو ساڵ لە دەست بە سەری و بێ دەرەتانی ئەوان تێپەریوە وەدی بێنێ.

بەو حاڵەش تا ئێستا وەڵامی ڕوون و رەسمی بە داخوازی پەنابەریی سیاسی پەناخوازانی کورد لە شاری "وان" نەدراوەتەوە و ئەو پەناخوازانە هەروا لە فەقر و هەژاری رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر و باری دەروونیی زۆر خراپ دا بەسەر دەبن.

ئێمە بێ پەنا سیاسیەکانی کوردی ئێرانی جارێکی دیکەش داواتان لێ دەکەین بەهانا چوونی سەدان پەناخوازی لێقەوماوی بێ‌دەرەتان درێژە بدەن و بە هەر شێوەیەك بۆتان دەکرێ و ئیمکانی هەیە، بیر و رای گشتی ئازادیخواز و مرۆڤدوست زیاتر لە پێشوو لە بارودۆخی دژوار و سەختی ئێمە ئاگادار بکەنەوە و **پەناخوازانی سیاسی کوردی ئێرانی لە دۆزەخێك بە ناوی "وان" رزگار بکەن.**

بەو پەری سوپاسەوە

وتە بێژانی پەناخوازانی سیاسی کوردی ئێرانی ناسراو بە ( باکووری عێراقی)

وان ـ تورکیە

٢٠٠٣/١١/٨

Fax UNHCR Ankara: 0090 312 441 21 73 - 0090 312 441 16 19
Fax UNHCR Van: 0090 432 21 48 404
Minister of the Interior Fax No.: 0090 312 418 1795